
# تۆدەنگی من نابیستی ,من بێدەنگی تۆ دەبیستم

**عومەر جەلال**

Omargalal2004@yahoo.com



تۆ کەسێکی نازانی ئێوارە چەند ناسکە  جێمدەهێڵی

من گریانی هەورەکان لە چاوی تۆدا دەخوێنمەوە

تۆ,وەرزی پایز بەنەفرەت دەکەیت

نەبادا وەرزەکانم خۆش بوێت

خەمی نێوان من و تۆ لەخەمی خۆر  و مانگ  دەچێ

هەرگیزاو هەرگیز یەکناگرنەوە

تێگەیشتنی من و تۆ لە تێنەگەیشتنی بەرد و ئاو دەچێت

تا هەنووکە نازانن کامیان زیندوون و مردوون

کپ بوونی من و تۆ لە کپ بوونی بێدەنگی مردووەك دەچێت

ترسی من تۆ لە ترسی خودا دەچێت لە شاعیرەکان

لە ترسی عەشق لە کاڵبوونەوە

رەنگی من و تۆ لەرەنگی ئاو دەچێت

دەنگی من و تۆ لەدەنگی (با) دەچێت

منداڵی خۆمان ناناسینەوە

گەر سەدەیەك نەبەخشین بە یادەوەری

چرکەیەك ببەخشین بە توورەبوون

لەهزرمدا دەریایەك فرمێسك دەمخنکێنێت

هاوار و گریانی من نابیستیت
له دەرگا کراوەکانی دڵمدا
ئومێدێك نەماوە بۆ ژیان
له رۆحی داتەپیوی ووشکم
پەنجەرەیەك نەماوە بۆ ڕوانین
پەنجەره لای من یادەوەری قەشەنگی هەیه
ئەو ساتانەی قوتابی بووم و هەمیشه لەپەنجەرەکانەوە له گۆری بێ نازی باوکم دەڕوانی
تەنیا بۆ پەنجەره گریانەکانی دایکم دەگێڕایەوە
هەر له پەنجەرەوە تەماشای کچه دراوسێ دڵڕەقەکانم دەکرد
پەنجەره له ماڵی ئێمەدا رێزی دەگیرا
به ئەندازەی بۆنی باران
پەنجەرەی دڵم هێندەی عەشق ناسك بوو
تۆ شکاندت
وەکو بەفر سپی بوو تۆ ڕەشت کرد
تۆ نامبیستی دەنگم دەگاته ماڵی هەور
تۆ نامبینی وەك ئەستێره وەك تیشکی خۆر
هاتوومەته ناو ژورەکەتانەوە

کات :رۆژێك لەسەرخۆشی
رۆژ:یادی تۆ/مانگی رەشبینی/ساڵی سووتان
شوێن:ژورێکی تاریکی دۆزەخ